گوڵان
ژمارە (٧٩٥)
٢٠١٠/٨/٢٣

# شێرکۆ تەنیا یەک هەفتە زاوا بوو



**(شێرکۆ) بڕیار دەدات بچێتە خوازبێنی (گوڵاڵە)**

(شێرکۆ) بە شکڵ و شێوەی دەرەوەی، بەقیافە و هەندامی، گەنجێکی بیست و حەوت ساڵەی کەڵەگەت و بەخۆوە بوو، بایی خۆی ڕێکوپێکیش بوو، بەڵام سەر و بیچمی دەرەوەی هیچ ناخ و ناوەوەی ئەو گەنجەی نیشان نەدەدا کە وەکو گوێزی پووچ وابێت. کابرایەکی ئیشکەر و بە کار و کاسبی بوو، بەڵام گرفتێکی هەبوو، زۆری خەفەت پێوە دەخوارد، یەك دوو برادەری بە گرفتەکەیان دەزانی و زۆریان پێدەشکاندەوە و فشەیان پێیدەکرد، تەنیا (هێمن)ی تاکە برادەرە هەرە نزیکەکەی نەبێ. (شێرکۆ) هەموو جارێ پێیانی دەوت شەرت بێ ئەگەر تەنیا بۆ دەمکوتکردنی ئێوەم بێ هەر ژن بێنم و قسە پڕوپوچەکانتان بەدرۆ بخەمەوە. (هێمن)ی برادەری پێیدەوت: کوڕی باوکم ژنهێنان گاڵتەی منداڵان نییە وەرە واز لەو کەللەشەقیەت بێنە، بەقسەی ئەمانە خۆت تووشی گێچەڵ مەکە برای بابم. جارێ بڕۆ وەکو دوکتۆر پێیوتووی نەشتەرگەریەکەت بکە و چارەسەرییەکەت بە تەواوی وەرگرە ئەوجا هەر بڕیارێك دەدەی بیدە. بەڵام ئایا ئەو قسانە دەچووە مێشکی یەکێکی وەکو (شێرکۆ)؟؟!! با جارێ لە حاڵ و وەزعی (شێرکۆ) بگەڕێین و بێینە سەر لایەنێکی دیکەی بەسەرهاتەکەمان. چەند جارێك بوو (شێرکۆ) ناردبوویە داخوازی (گوڵاڵە)، بابی (گوڵاڵە) کە ناوی (قادر)بوو، دەیوت: نازانم ئەم کوڕە بۆ وەها رووی قەییمە، عەجایب، کە سەیرە. خۆ ئەوە چەندین جارە خەبەری بۆ بنێرین کە کچەکەمان جارێ بە شوو نادەین، هەر تەقەی سەریشی دێ، وەك بڵێی لەگەڵ ئەویشمان نەبێت. تاقمێك ڕەتدەکەینەوە تاقمێکی تر دەنێرێت. ئەوە قسەی مام قادر بوو. بەینێکی پێچوو، دووبارە تاقمێکی دیکەی ناردەوە. وەکو بنێشت بەماڵی گوڵاڵەیوەنووسابوو، بە ئامان و زەمان لە کۆڵیان نەدەبۆوە. ئاخیرییەکەی ناچار بوون کچەیان دایێ. بەڵام ئەدی دواتر مەسەلە بەچی گەیشت..؟

**شەوی بەزاوابوون (زاوا) خۆی لە نەخۆشخانە دیتەوە**

گوتمان (هێمن) برادەری هەرە نێزیکی بوو و دیارە زۆریش بۆی دڵسۆز و بە پەرۆش بوو، ئەو باشتر لە دەردو حاڵی ئەو دەگەیشت و دەیزانی. جا مادام



وایە با هەر لێگەڕێین (هێمن) بەخۆی دەردی (شێرکۆ)مان بۆ باس بکات. دیارە مەبەستمان ئەوە نییە خوانەخواستە سووکایەتی بەدەردی خەڵکییەوە بکەین یا هەر بۆ خوێندنەوە ئەو بەسەرهاتە بڵاوبکەینەوە. بەڵکو مەبەستمان پەند و عیبرەت وەرگرتنە لە هەڵەکانمان. مەبەستمان ئەوەیە ئەزموون لەکەسانی دیکەوە وەربگرین. ئەو ئەزموونانە ببنە چرای ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانمان..

(هێمن) ئەوها بەسەرهاتی (شێرکۆ)ی بۆ گێڕایەوە و وتی: هەفتەیەك بوو (شێرکۆ) ژنی گواستبۆوە کە لەگەڵ ژنەکەی و ماڵی بابی لێیانبووە کێشە و مام قادر و کوڕەکانی چینێکی چاکیان لێدابوو، ئەویش چووبوو تەنیا شکایەتی لە مام قادر کردبوو، لە بەندیخانەی کردبوو. شێرکۆم زۆر لەسەر ئەو کارەی سەرزەنشت کرد و پێیموت نەدەبوایە شکایەتت لە خەزوورت کردبا، وەکو بابت دانابا. ڕاستییەکەی زۆریش پەشیمان ببۆوە، بەڵام زیاتر لە شەرمی ئەوە پەشیمان ببۆوە، دەیوت دەترسم خەسووم لەبەردەم حاکم هەموو شتێك بە گۆڕێ وەر بکات و حەیاشم بچێت. بەهەرحاڵ ڕێککەوتین، کە بچم خەبەری بدەمە مام قادر کە دێت واز لە داواکەی خۆی دەهێنێت و ئاشتەواییەکی دەکەن. ئەو کاتەی کە مام قادریان لەبەردەم دادگا ئامادە کرد، خۆم گەیاندێ و هەندێ قسەم لەگەڵی کرد. ئەو وتی: من و کچەکەم بڕیاری خۆمانداوە. پێویست بە هیچ ناکات. واز لە داواکەی بێنێ یا نەیهێنێ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. کە بانگیان کردە ناو هۆڵی دادگا منیش لە گەڵی چوومە ژوورەوە. دوای ئەوەی حاکم پرسیاری ئەوەی لێکرد کە بۆچی وا بێڕەحمانە کەوتۆتە سەروپۆتەڵاکی ئەم کوڕەوە، نازانێ یاسا هەیە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکات، نازانێ ئەگەر یەکێك کێشەیەکی هەبێ دەتوانێ پەنا بباتەبەر دادگا و مافەکەی بۆ وەردەگرێتەوە؟ مام قادریش وەڵامی حاکمی دایەوە و مەسەلەکەی لە نووکەوە گێڕایەوە و وتی: جەنابی حاکم چیت لێوەشێرم، مەسەلەکە پێوەندی بە ماف و ژیانی کچەکەمەوە هەیە. ڕێمبدە با ئەسڵی کێشەکەت بۆ باس بکەم بزانە لەسەر هەقم یان نە، ئەوجا دوایی بۆ خۆت حوکمم بدە و بە هەر چیش حوکمم بدەی ڕازیم. حاکم ڕێیدا و مام قادریش بەمجۆرە دەستی بە قسان کرد و وتی: ئەو کابرایەی کە بە حساب زاوامە و لێمداوە، پیاو ماقووڵی دنیای بە گژ وەنام هەتا کچەکەی خۆمم دایێ. تەنیا یەك هەفتە کچەکەم لەلای مایەوە. بڵێ ئاخر هەتیوە دەمڕووت بۆچی حەیای ئێمەش و حەیای خۆشت دەبەی!! پیاو ئەگەر هی ژنهێنان نەبوو، حەیف نییە ژنی بدەیتێ. مام قادر هەندێکی دیکەشی لەسەر ڕۆیشت، بەڵام هەر نەچووە سەر ئەسڵی مەسەلە، بۆیە حاکم پێیوت: من کاتی ئەوەم نییە گوێ لە هەقایەتی تۆ بگرم مام قادر وەرە سەر ئەسڵی مەسەلەکەت. مام قادر وتی جەناب کورتی و موختەسەری ئەوەیە ئەم بەناو زاواییەم، کابرایەکی ناپیاو بووە و تەواو. لەو قسانەدا بووین کە (شێرکۆ) هاتە ژوورەوە و عەرزوحاڵێکی پێبوو داوای داخستنی دۆسییەی کێشەکەی کردبوو. بردییە بەردەم حاکم و ئەویش کە خوێندییەوە و ئیمزایەکی لەسەر کرد و وتییە مام قادر ئەوە زاواکەت لێت خۆشبووە و منیش ئازادم کردی. ئێمە هاتینە دەرەوە.

**هۆی راستەقینەی کێشە**

(هێمن)بەردەوام دەبێ لە قسەکردن و دەڵێ: کە گوڵاڵە زیز ببوو، مام قادر ڕۆژی دواتر داوای کردبوو لەگەڵ شێرکۆ بەتەنیا دابنیشێ. شێرکۆش لە ڕووی نەدەهات بەخۆی ڕووبەڕوو لەگەڵی دابنیشێ و قسەی لەگەڵدا بکات، بۆیە منی ڕاسپارد کە ورد و درشتی کێشەکەی بۆ باس بکەم و هەرچیش بڵێن ئەو ڕازییە منیش چوومە لای مام قادر و دووقۆڵی دانیشتین و وتم: هەرچی بووە، بووە. شوکور گوڵاڵە کە وەك خوشکم وایە و هەر وەك شێرکۆ بەخۆی پێیوتووم کە هێشتا هەر کچە. ئەو نا پیاوە هیچی نەبووە و ژنیشی هێناوە. مەسەلەکە با لەوەندە بیرێتەوە و کەس بەخۆتان شاد مەکەن. با ئەو شتە وەك نهێنی بمێنێتەوە لەنێوان خۆتان. گوڵاڵە چ هەق و هقوقێکی هەیە لێی وەردەگرێت و ئامادەی هەموو جۆرە ڕێکەوتنێکە. پارێزەرێکیش دەگرێت لە دادگا بەرێکەوتنی هەردوولا کۆتایی بە کێشەکە دەهێنێت. بە کورتی هەتا مام قادر و کەسوکاریم ڕازیکرد بەرد شەقی برد. کاکم دوو دەفتەری دۆلار لە هیچ و خۆڕای زەرەر کرد، هەتا بە سەلامەتی لە کێشەکە هاتە دەرەوە. ئەوەیە دەڵێن بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی لەسەر دانا.

# کرێکارە عەرەبەکان لەسەر



بەهۆی باش بوونی باری گوزەرانی خەڵك و باری ئابووری کوردستان هەروەها فەراهەمبوونی هەلی کار، ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی بیانی و بەتایبەتیش کرێکارانی خوارووی عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ کارکردن. ئێستا ئەگەر سەردانێکی شەقامی مەخمووری شاری هەولێر بکەی ژمارەیەکی زۆر و زەوەندی کرێکارە عەرەبەکانی شارەکانی خوارووی عیراق دەبینی چۆن بەم قرچەی گەرمایە رادەوستن و چاوەڕێی یەکێك دەکەن بیانبات بۆ کارکردن. ئەم کرێکارە عەرەبانە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەری موسڵن و لەگەڵ هەندێك ناوچەی تری باشوور و ناوەڕاستی عێراق. بەڵام لێرە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە ئەو کرێکارانە کاتی نیوەڕۆیان یان پاش کاتژمێر ١٠ بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بەدرێژایی ئەم شەقامە لە سەر شۆستەکان پاڵدەکەون. ئەو کرێکارانە هۆکاری ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی شوێنێك کە بشێ بۆ ئەوەی لێیپاڵ بکەون و پشووی تێدا بدەن. هەروەها لە لایەکی ترەوە کرێکارانی خۆشمان گلەییان لە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاری بیانی هەیە و پێیان کارێکی خراپە ئەو کرێکارە عەرەبانە بەو رێژە گەورەیە روو لە هەولێر بکەن بۆ کارکردن، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی هەلی کاری گونجاویان لەدەست بچێ و کرێی و هەقدەستیان کەمبێتەوە، زانیاری زیاتر لەم راپۆرتەدا بخوێنەوە...

کرێکارێکی عەرەب:داوا دەکەین گۆرەپانێکی تایبەت بۆ کرێکاران بکرێتەوە



# شەقامەکان پاڵ دەکەون؟

رۆژانــە ژمارەیەکــی زۆری کرێکار دێنە ناو شــاری هەولێرەوە بۆ کارکردن **(عەبدولوەهــاب)ی تەمەن ٣٤ ســاڵ یەکێکە لــەو کرێکارانە کە رۆژانە دێتە هەولێر بۆ کارکردن و ئەو دەڵێت:** رۆژانە لێرە بە ٢٠ هەزار دینار دەچمە سەرکار، بەڵام کارەکــەی ئێمە هەموو رۆژ نییە. ئەو هــۆکاری هاتنی بۆ هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە شــارەکەی خۆیان هەلــی کارنییە، بگرە ئەگەر هەشــبێت زۆر کەمە و پارەکەشــی هــەر کەمە. رۆژانــە دەبینین زۆرێك لەو کرێکارانەی کە هاتوونەتە هەولێر لەســەر شەقامەکان یاخود هەر شوێنێك کەسێبەری لێبێت بە کۆمەڵ پاڵدەکەون، ئەم کرێکارە هۆکاری ئەمــەی گەڕاندەوە بــۆ نەبوونی کار، چونکە کرێکارە عەرەبەکان تا پاش نیوەڕۆ دەمێننــەوە هــەر وەك **(عەبدولوەهاب) دەڵێ** : ناحەقیشــیان نییە، چونکە هیچ شوێنێکی تریان نییە بۆی بچن و کەمێك تیایدا پشــوو بدەن. لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: زۆرسوپاســی خەڵك و حکومەتی هەرێم دەکەم هەرچەندە ئێمە بۆ کارکردن دێین، بەڵام پێشوازییەکی گەرممان لێ دەکەن.

**(یاسین عەبدولوەهاب)یش گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵەیە و بۆ کارکردن هاتۆتە هەولێر و ئەویش بەم شــێوەیە بۆمان دووا** «ئێمە چەنــد کەســێکین بەیانیان زوو دێینــە هەولێر دواتر یەکێك دەمانبات بۆ کارکردن بەنرخێکی هەرزانتر لە کرێکاری ئەو شــارە. ئەو کرێکارە ئاماژە بەوە دەدا کە هۆی پاڵکەوتنیان لە سەر شۆستەکان و شەقامە ســەرەکییەکان کە دیمەنێکی تا رادەیەك ناجــۆری هەیە، ئەوەیە کە هەندێکجار خاوەنکارەکان ئەوان نابەن بۆ کارکردن بۆیە لێرە بێئیــش دەمێننەوە و بە ناچاری تا پاش نیوەڕۆ لێیرادەشکێن و پاڵدەکەون، دواتــر دەچنەوە مەخمور و ئەو شــارانەی کە لێیهاتوون. وتیشــی: بەو گەرمایە ناچاریــن لێرە پاڵبکەوین، چونکە هیچ شــوێنێکی ترمــان نییە لێیبحەســێینەوە. ئەو پارەیــەش کە لە کارکردنی ئێرە دەستمان دەکەوێت دەتوانین پێوەی بەرێوەبچین، چونکە شــارەکانی تــری عێــراق کاری کەمــی لێییە و پارەکەشــی کەمە، بەڵام لێرە هەلی کار زیاترە و پارەکەشی زیاترە.

**(زیــن نــوری) تەمەن ٢٩ ســاڵە و ماوەی پێنج مانگە بــۆ کارکردن دێتە هەولێر، ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت :** ئێمە بە هەرچەنــد و نرخێك بێت دەچین بۆ کار، گرنگ ئەوەیە ئەو رۆژەی دێین بۆ کار بە دەســتی بەتاڵی نەچینەوە. سەبارەت بــەو کرێکارانەی کە لە رۆخ شــەقام و شۆســتەکانیش بەبەرچــاوی خەڵکەوە پاڵدەکەون دەڵێ : بەڵێ راستە بە تایبەت کاتــی نیوەڕۆیان هەندێك لە کرێکارەکان لەســەر رێگــەی خەڵکی رادەکشــێن، ئەگەر شوێنێکی تایبەتیان هەبێت لەوێ رابکێشــێن ئاساییە، بەڵام لێــرە و بەم شێوەیە منیش پێمولیە کارێکی ناشیرینە، بریــا حکومەتی هەرێم شــوێنێکی بۆ دابین دەکردین و خۆشــمان و خەڵکیش لەم جەنجاڵی و شۆســتە گرتنە رزگار دەبین..

### کرێکارانی خۆشمان گلەییان هەیە

بێگومان زۆربوونی ژمارەی کرێکارانی بیانی لــە هەرێمی کوردســتان کار لە دەســتکەوتنی هەلی کار بۆ کرێکارانی خۆمــان دەکات. لــەم رووەوە **(ئەحمەد ئەنــوەر) دەڵێ:** زۆربوونــی کرێکارانی دەرەوەی هەولێر کاری کردۆتە سەر کاری ئێمە، هەروەها رۆژانەکەشمان کەمبۆتەوە، چونکە کرێــکارە عارەبەکان بە نرخێکی زۆر هەرزانتر دەچنــە ئیش، ئەمەش وا دەکات کــە کار بۆ ئێمە کــەم بێتەوە، چونکە بەو نرخەی کە ئەوان پێ دەچنە ســەر ئیش ئێمە ناتوانین بەو برە پارەیە بچیــن و بۆیــە داواکارم لە حوکومەتی هەرێم چی تر رێگە بە کرێکارانی بیانی نەدات بەو ژمارە زۆرەوە بێنە ناو هەرێم، چونــکە کارەکــە خۆی بــەرەو کزی و لاوازی دەڕوات و هێندەی دیکە بێکاری پەرەدەسەنێت.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەحمەد، وەســتا **(وەلیــد عوســمان) دەڵێ** «مــن زۆرم پێخۆشــە ئەو کرێکارە عارەبانە لێرە کار دەکەن، چونکە لــە کرێکارەکانی خۆمان زیاتر خۆیان ماندو دەکەن و زیاتریش ئیش دەکەن بە پارەیەکــی کەمیش، من ناڵێم کرێکاری خۆمان ئیشکەرنین بە پێچەوانەوە ئیشــکەرن، بەڵام زیاتر هەوڵدەدەن خۆیان بدزنەوە، بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانم کە داواش بکەم حوکمەت لێبگەڕێت زیاتریش بێنە ناو شارەوە، چونکە سەردەمانێك بوو ئێمە دەچووین بۆ موســڵ و شوێنەکانی تر بۆ کارکردن بــۆ ئەوەی تیکەیەك نان بۆ ماڵ و منداڵمان پەیدابکەین، ئێستاش ئەوان پێچەوانەی ئێمەن، چیتێدایە ئەگەر ئەوانیــش لێرە نانێك بەهۆی ئێمەوە پەیدا بکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەڕاســتی هەلی کاری زۆر تێدایە و ناوچەیەکی ئارامە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا (هەژار رواندزی) پاڵکەوتنی ئەم کرێکارە عەرەبانە لەسەر شەقامەکان بەم شێوەیە بە کارێکی ناشیرین وەسف دەکات و دەڵێ «بەبەردەوام رۆژانە بیرەدا هاتووچۆ دەکەم، بەڕاستی کارێکــی نەخــوازراوە، چونکە لەلایەك زۆرم بەزەیی پێدادێتەوە، لەلایەکی تر زۆر بە ناشــیرینی پاڵدەکەون. جا داواکارم لە لایەنی پێوەندیدار شــوێنێکیان بۆ دابین بکات، چونکە هەریەکێك لە ئێمە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ بێــرەدا تێپەڕێت دەبینێت ئەو کرێکارانە لەبەر ئەو گەرمایە راکشــاون، بەزەیی پێیاندا دێتەوە.

کرێکارێکی کورد: هاتنی کرێکارانی عەرەب کاری کردۆتە سەر کارکردنی ئێمە و نرخەکشی

# مەرگەساتی
# خۆشەویستییەکی بێئاکام



سـالانێك بوو پەیمان و ڕێدار وەك دوو مۆم بۆ یەك دەسووتان، سالانێك ئازار و تلانەوە و شەونخونی بەیەك نەگەیشتن و حەسرەتی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکە و نیگەرانی هەردووکیانی دەتلاندەوە. ئەوان بۆخۆیان پەیمانی مردن و ژیانیان بەیەك دابوو. لە خۆشەویستیان بۆ یەکتر دڵنیا بوون، بەڵام کۆسپی هەرە سەرەکی و سەرسەختیان برا دڵڕەقەکەی پەیمان بوو. دوای کۆششێکی زۆری هەردوولا و کەسوکاری ڕێدار و دوای ئەو ماوە زۆرەی چاوەڕوانی کردن ئاخیرییەکەی بە کارەساتێکی دڵتەزێن ئەو خۆشەویستییە لە گۆڕ دەنرێت. کەوایە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی و چی بووە ڕێگر و کۆسپیان. چ هۆکارێك بوە هۆی ئەوەی جەرگبڕانە لێکدابڕێن ؟؟بەڵام با جارێ بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، لێگەڕێن سەرەتای دەستپێکردنی خۆشەویستی ئەم دوانە بۆ یەك بگێڕینەوە. لە گێرانەوەی ئەم عیشقەشدا (نیاز)ی هاودەم و هاوڕێی هەرە نێزیکی ڕێدار کۆمەکمان دەکات و بەکورتی ئەو پەیوەندییەمان بۆ باس دەکات و دەڵێ: ڕێدار هەم هاوڕێم بو هەمیش خزمێکی دوور، بەڵام ئەوی زیاتر بەیەکی دەبەستینەوە هاوڕێتی بو نەك خزمایەتی. هەموو شتێکی تایبەتیمان بۆ یەك باس دەکرد و بیروڕامان لەسەری دەگۆڕییەوە. ڕێدار دوو سێ ساڵێك دەبو کە لە فەرمانگەیەکی تەندرووستی دامەزرا بو. ئەو پەیمانگەی تەندروستی تەواو کردبو. دوای مانەوەی ئەم یەك دوو ساڵە لەو فەرمانگەیە، ڕۆژێك کچێك هاتە فەرمانگەکەیان کە فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەرچوو بو. ئەویش هەر دەرچووی پەیمانگەی تەندروستی بو. ئەوانە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، نیگایان بۆ یەك گۆڕیبۆوە. چەند هەفتەیەکی پێچوو، پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی زور بەهێز لە نێوانیاندا دروست بو. دواتر وردە وردە پەیوەندییە هاوڕێییەتییەکە دەگۆڕێ بۆ ئاستێکی تر. لەراستیدا ئەم هاوڕێیەتییە بۆخۆی هەر هەنجەتێك بو بۆ ئامانجێکی گەورەتر کە خۆشەویستی بوو. دوای ئەوەی رازی دڵیان بۆ یەك ئاشکرا دەکەن، ئینجا چیرۆکی عەشق و ئەڤینییەکەیان دەستپێدەکات. ئەوانە بەرۆژ لە فەرمانگە بەیەکەوە لەگەڵ هەست و سۆزی خۆشەویستانەیان بۆ یەك دەست گەرم دەکەن و شەوانەش بە مۆبایل درێژە بە خەون و خولیاکانیان دەدەن. لەو ماوەیە هەردوولا لەسەر داواکردن و داخوازی ڕێکدەکەون.

کاتێك ڕێدار دەچێتە خوازبێنی باوکی پەیمان دەڵێ : چەند ڕۆژێك سەبرمان لێبگلرن دوایی بەخۆمان خەبەرتان لێدەگێرینەوە. پەیمان برا گەورەیەکی دەبێ ناوی دڵشاد دەبێ. دڵشاد کابرایەکی بێ ژنی تەمەن سی و پێنج ساڵێك دەبێ. تا بڵێی دڵپیس و گوماناوی و بە رق و کینە دەبێ. لەماڵەوەش سەرچاوەی نارەحەتی و بێزاری دایك و باوکی بو. باوکی پێیدەڵێ سەر و سۆراغێکی ئەو کوڕە بکە بزانە کەسێکی چۆنە ئەگەر باش بو لە خێزانێکی دیار، قسمەتی بو ئەوە ناوی خوای لێدەینین و خەبەریان دەدەینێ بێنە پێش ئەگەریش نا، با هەر کەسە و لە ماڵی خۆی بێ. دڵشاد چوو سۆراغی مەسەلەکەی کرد و لە ڕێداری پرسی بزانێ کێ دەیناسی. لە بەدبەختی ئەم دوانە فەرمانبەرێکی هەمان فەرمانگەکەی پەیمان و ڕێدار دەبینێتەوە. ئەم کەسە رقی دنیای لە ڕێدار دەبێتەوە. هۆیەکەشی زۆر سادە بو لە سەرێکەوە شێت و شەیدای پەیمان بوو کەچی ئەویش نەك هەر کەیفی بە چەهرەی نەدەهات، بەڵکو دەیگوت: هەر جارێك ئەم زەلامە دەبینم وادەزانم بابە کوشتەی خۆم دەبینم. لەسەرێکی تریشەوە ئیرەییەکی کوشندەی بە خۆشەویستی ئەوان دەبرد. ئەم ریکەوتی سۆراغ کردنەی براکەی پەیمان بە دەرفەت دەزانێ و بڕیار دەدات بە هەر نرخێك بێت چارەنووسی ئەم خۆشەویستییە بێئاکام بێت. جا کاتێك دڵشاد لە بارەی ڕێدارەوە پرسیاری لێدەکات. ئەویش وەکو هەقایەت بۆی دەڕێسێ و نایبڕێتەوە. چی شتی خراب هەیە کەرێی تێبچێ و هی بڕوا پێکردن بێت دەیخاتە پاڵ ڕێدارەوە. زۆری هاندەدا، زۆری پێوە دەنێ، زۆر زۆرتری بۆ هەڵدەبەستێ. تەنانەت پەیوەندییە خۆشەویستییەکەشیانی بۆ ئاشکرا دەکات و پێشی دەڵێ ئەگەر باوەڕ ناکەی کە ئەمانە پەیوەندیان هەیە بڕۆ بۆ خۆت پرسیار بکە خەڵك بە پرسیار کردن زۆر شتی بۆ روون دەبێتەوە.بزانە وایە یان نە. بە کورتی هەرچی لە دەستی دێت تەخسیری لێناکات و کابرا باش پف دەدات. دڵشاد لەیەك دوو کەسی تریش سەبارەت بە خۆشەویستی و پەیوەندییەکەیان دەپرسێت و ئەوانیش دوپاتی ئەو پەیوەندییە دەکەنەوە. ئیتر دڵشاد دەگاتە قەناعەتێکی تەواو کە ئەم دووانە بەڵێ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. لێرەوە ئیتر شەڕ و فەرتەنەی ناو ماڵیان دروست دەبێ. دوو سێ ڕۆژ پەیمان هەرای ناو ماڵیان لە ڕێدار دەشارێتەوە. بەڵام بە ئادگاری دەموچاوی را دەزاندرێ کە سەرودڵی گیراوە و میزاجی تەواو نییە و کێشەیەکی، بەڵام نایدرکێنێ. پاش دوو سی ڕۆژەکە بەیانییەك دڵشاد بەخۆی دەچێتە فەرمانگەکەیان و رووبەڕوو بە ڕێدار دەڵێ کە کچی خۆمان نادەینە کابرایەکی وەك تۆ و چیتریش، ببڕایببڕ نەکەی قسە لەگەڵ پەیمان بکەی دەنا بەخۆم دەزانم چیدەکەم.

## کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو

با بزانین پاش ئەم ڕەفتارەی دڵشاد هەڵوێستی ڕێدار چۆن دەبێ ؟ نیاز سەبارەت بە پێشهاتەکانی دواتر دەڵێ : کە دلشاد بە زمانە هەڕشەئامێزە ئاگاداری دەکاتەوە ڕێدار دان بەخۆیدا دەگرێ و قسەیەکی وا ناکات ئیشەکە گەورەتر وناخۆشتر بێ. زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدات کە لە هۆی ئەم بڕیارەی بپرسێت سوودی نابێ دەرفەتی ناداتێ بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵی. ڕێدر بە مەسەلەکە دەکەوێتەوە و دواتر بۆی ئاشکرا دەبێت کە ئاژاوەکە لەبن سەری فەرمانبەرە حەسوودەکەیانە. لەوەش سەیرتر هەست دەکات کە چاودێریان دەکات. یەك دوو ڕۆژی تری پێدەچێت، پەیمان و ڕێدار بەردەوام دەبن لە پەیوەندییەکەیان. ڕۆژێك لە پڕ دڵشاد پەیدادەبێتەوە و دەچێتە ژووری پەیمان و دەیکاتە دەمەقاڵێ لەگەڵی لەسەر ئەوەی کە بۆچی بەردەوامە لە قسەکردن لەگەڵ ڕێدار. ئیدی نیو کاتژمێرێك دەمەقاڵێ لەگەڵ دەکات و ڕێداریش خۆی پێناگیرێت بەناچاری دەچێتە لایان بۆ ئەوەی داوای لێبکات کۆتایی بە مشتومڕ کردن لەگەڵ پەیمان بێنێت و ئەو واز لەو مەسەلەیە دێنێت. کاتێك دەچێتە لایان دەستدەکات بە جنێو دان و هەڕەشە و گوڕەشە کردن. قسەیەك لەم و قسەیەك لەو دڵشاد پەلاماری ڕێدار دەدات و دەبێتە شەڕیان. ئیدی هەر دوولا دەیکەنە شەڕی دەستەویەخە. شەڕ و لێکدان دەیانگەیەنێتە نزیك دەرگای ژووری پاسەوانی فەرمانگە دڵشاد چاو دەگێرێت چاوی بە تفەنگی پاسەوان دەکەوێت و پڕ دەداتە تفەنگ و یەکراست سواری دەکات و دەستڕێژێك دەکات، دوو سێ گوللە بە ڕێدار و دوو سێیەکیش بە پەیمان دەکەوێت. پاسەوانیش کە ئەم هەراو تەقە و قیامەتە دەبینێ لە ترسی ئەوەی لەم ڕووداوەدا کە بە تفەنگی ئەو تەقە کراوە بەرپرسیار نەبێ بەر جۆرێك بێت تاو دەداتە تفەگەکەی دەستی و لەو چرکەساتەدا گوللەیەك دەردەپەڕێت بە تەپڵی سەری دڵشاد دەکەوێت. بەم جۆرە سێ تەرم ئەو ناوە پڕ خوێن دەکەن و بەم شێوە جەرگبڕە کۆتایی بەم خۆشەویستییە پاکە

بەرپرسی فایلی كۆمەڵایەتی: كامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com